# پەڕۆی سەرچۆپییەکەت هەر ڕەنگێک بێت، کورد پێش ناخات

**ئەمجەد شاکەلی**

پێموابوو سەرکردەیەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان(سەرۆکەکەی، مەکتەبە سیاسییەکەی، کۆمیتە نێوەندەکەی، کۆمیتەی لقەکانی، کۆمیتەی ناوچەکانی) و ئەندامانی، هەوادارانی، دۆستانی، میدیاکەی، پەندێک، وانەیەک، شتێک بۆ مێژوو و ژیان، لە هەڵەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کە بۆ چوونە سەرتەختی سەرۆککۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی کردیان، فێر دەبن، لێ مخابن نەک هەر هیچ فێر نەبوون، بەڵکە ڕێک وەک ئەوانیان کرد و هەڵەکانی ئەوانیان دووپات کردەوە. ئەوان(کوردسات) پەڕۆی کەسک و وێنەی تاڵەبانی، ئەمان(کوردستان تیڤی) پەڕۆی زەرد و وێنەی بارزانی. لە 2005/6/12وە، کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دانانی مەسعوود بارزانی، بە سەرۆکی باشووری کوردستان دا، ئیدی کەناڵی کوردستان تیڤی هەر فریای ئەوە دەکەوێت کامێراکەی لە نێوان قەڵادزێ، زاخۆ، دهۆک، خانەقین، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، ڕانیە، سۆران، هەریر و...دا بگوێزێتەوە و شایلۆغان و گۆڤەند و شایی و خۆبادانی خەڵکی کورد و ئۆتۆمبیلی ڕازاوە و فیقەفیقی هۆڕن و دەهۆڵ و زوڕنا و سەرچۆپی بە پەڕۆی زەردەوە و وێنەی زۆروزەوەندەی مەسعوود بارزانی پێشان بدات. کەناڵی "کوردسات"یش ئێستا، ڕۆڵی ئەوسای کەناڵی"کوردستان تیڤی" دەلیزێ و هیچە ئەو ئاهەنگانە پێشان نادات. سەرکردەیەتیی پارتیی دەبوو پێش هەر شتێک پەڕۆی زەردی لەو ئاهەنگانەدا قەدەغە کردبا و ئەگەر هەر ئاهەنگیشیان دەگێڕا، لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا وەک بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بیانگێڕابا. کە دەشیانگێڕا چ پێویست دەکات تەواوی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆن بسڕێتەوە و تەنێ ئەو شایی و ئاهەنگانە پێشان بدرێت! میدیاکانی پارتیی و کوردستان تیڤی لەبری پێشاندانی ئەو هەرا و بەزمە، دەبوو ئەو کاتە بە فیرۆرۆیشتووەیان تەرخان کردبا بۆ گفتوگۆ لە سەر پرسەکانی ئەوڕۆی کورد و هەنگاوی داهاتوو و وەڵامدانەوەی عێراقییەکان و عەرەب و ناکوردان و گوێگرتن لە بیروڕای خەڵک و بە خەستی و چڕوپڕی باسکردنی کەرکووک و دەڤەرە تازەئازادکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان. ئەوەی ئەو جۆرە شایی و چەقەنە و ئاهەنگانەی ئەم ڕۆژانە و زووتر و هەمووردەمێکی کورد و هەمیشە ئامادەبوونی بۆ سەرچۆپیگرتن و خۆبادان ببینێت، یەک شتی بۆ ساغ دەبێتەوە ئەویش ڕادەی بێکاری ئەو خەڵکەی کوردستانە. ئەگەر ئەو خەڵکە بێکار و بێبار نەبن، چۆن دەتوانن هەر کەسێک فیقەی لە زوڕناکەی هەڵسان، ئیدی ئەمانیش یەکسەر غاردەنە سەر جادە و دارژێنە کۆڵان و دەستکەنە هەڵپەڕین! ئەو حیزبانە، کە بۆ شایلۆغان، خەڵک بەو جۆرە بۆیان دێتە سەر جادە، با ئەو هاتنەسەرجادەیان بە شێوەیەکی بەردەوام وەک ئەوەی ئێستا دەیکەن، بۆ گێڕانەوەی کەرکووک و خانەقین و شەنگال و مەخموور و شوێنەکانی دیکە کردبا. با بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵیی کارگێڕی و نەهێشتنی بێکاری و سزادانی دزانی نێو دەسەڵات و داد و یەکسانی و نەهێشتنی هەژاری و چەوساندنەوە و سزادان و دوورخستنەوە و وەدەرنانی کەونەبەعسی و کەونەجاش و پیاوخراپان کردبا. دانانی سەرۆکی باشووری

کوردستان، دەبوو بۆ کورد وەک بەشێک لە پرۆسێسێکی دوورودرێژی هەنگاونانی خەڵکی کوردستان بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی چاولێکرابا، نەک وەک دەسکەوتێکی حیزبی. بە دەسگاییکردنی سەرۆکایەتیی کوردستان و خستنیە نێو چوارچێوەیەکی قانوونی و سیاسییەوە و کردنی بە بەشێک لە پێکهاتەی دەسەڵات لە کوردستاندا، لە تەنیشت پەرلەمان و حوکوومەتدا، بۆ خۆی چەسپاندنی بنگەیەکە و دانانی خشتێکە لە بناخەی یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان و تەواوی خاکی کوردستان و چێکردنی دەوڵەتی کوردستان. ئەوەی بیەوێت نوێنەری خەڵکی کوردستان بێت، دەبێ چیتر پەڕۆی زەرد و پەڕۆی کەسک نەخاتە سەر جادە و کۆڵانەکانی کوردستان و نەیانداتە دەست سەرچۆپیکێشانەوە. با ئەو پەڕۆیانە تەنێ لە بارەگا حیزبییەکانی خۆیاندا دابنرێن. ئەوەی بەڕاستی بیەوێت نوێنەری خەڵکی کوردستان بێت، گەرەکە کەوڵی حیزب لە خۆی بکاتەوە و ناوی حیزب نەهێنێت و تەواوی دانیشتووانی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیا و دیدەوە بە یەک چاو تەماشا بکات و لە نێوان هاووڵاتێک و هاووڵاتێکی دیکەدا گچکەترین جیاوازیی نەهێڵێت. با سەرۆکایەتیی کوردستان بۆ خۆی وەک دەسگا گرنگیی پێ بدرێت نەک وەک ئەوەی کێ ئەو پۆستە وەردەگرێت. بەو بیرکردنەوەیە گەلی کوردستان و ئاستی بیرکردنەوەی لە جڤاکە پێشکەوتووەکانەوە، کە ڕێزی مرۆڤی تێدا دەگیرێت، نێزیک دەبێتەوە و لە جڤاکە دیکتاتۆری و دواکەوتووە نامرۆڤییەکانی دەوروبەری کوردستانیشەوە، کە سەرکردە و دەسەڵاتدار دەپەرسترێت دوور دەکەوێتەوە.

2005-6-16